# بن سێبەری پەڵەی ئاگرێك

خاڵەبەكر
bakeramin@hotmail.com

لەوێ..!
تەنها،
نیگاکانم،
نەبوون بە کۆی زووخاڵ..!
بن سێبەری پەڵە ئاگرێکم چاو نەکرد..
لەسایەیدا..،
ڕۆحی زووخاڵمی تیا خەفەترکەم..
لەوێ..،
شنەی شەماڵ، باوەشێنی ڕەشەبای ئەکرد..!
قەدەریش..،
مۆمەکانی ئەکوژانەوە..!
هەنگاوەکانیشم ،
دەست لە سەر ڕۆح، چراکانی دائەگیرسان،
هەموو ڕۆژێکیش..،
بەبێ قەڵەم و پارچە پەڕەیەکی پێستم..
سرووشی قەسیدەیەک، یەخەو بەرۆکی پێ
ئەگرتم..!*
بەمزگەوت بوونی باخچەکان هەوێنەکەی بوو،
بە عەمامە کردنی، درەختەکان و ..،
بەمحەجەبە کردنی گوڵ و پەپولەکانیش
قفڵەکەی بوو،
لە ڤیستیڤاڵی ..،
خوێندنەوەی،
شیعریشا..،
بە دەستووری ئاخوندەکان ..!
سووتانی هەنگم..،
پێ وەسف نەکرا..!
لە بەر هێندێ  شیعرەکەم ڕەفزکرا..!
*
ئێستاش..!

**ویڵم،وەدووی دۆزەخێکی فێنکترا..!**
**زەمەن،تیایدا، بێ ڕەحمانە نەمسوتێنێت..،**
**ئازادی تیایدا، ئاسمانێکی سامالْ بێت،**
**بارانی وەشتم بە سەرسەرا دابارانێیت..!***
**ڕووی سوورو تۆوی ڕەنج ،بەئاسانی ڕانەماڵێت..!**
**بە لێوانی شنەو سروەی حەقیقەتیش خۆم داپۆشم**
**نەبا کڵپەیەک ڕەقم کاتەوە**
*

**ویڵم،**
**دووی دۆزەخێ فێنکتر کەوم..،**
**پێڵاوەکانی دەستم فڕێ دەم..!**
**چارەنووس پێ کەوش بکەم..!**
*

**ویڵی سرەوتنم..،**
**دەریا لەبەر پێما جۆگەلە بێ،**
**چیا لەحەنای هەنگاوەکانما پێدەشت بێ،**
**هەڵ نووتان و،**
**کەوتن و، تەپاوتل..،**
**خۆڵە پەتانێکەی، بەردەرگاو دەم کۆڵانی مناڵیم بێ..!**
**پاداشتەکەی،**
**بەلەززەترین،**
**نوقرچ و، زللەی ..، دەستە**
**کۆڵەوژەکانی دایکم بێ..!**
*

**ویڵی دۆزەخێکی فێنکترم،**
**سەگ وەڕ تیایدا خۆشترین سەمفۆنیاو ئورکسترا بێ..!**
**مەرگ، تیایدا..**
**نوقڵێکی ترش و شیرین و ماجومیەکی نێو مستی مناڵیم بێ..، ویڵم..!**

وەدووی دۆزەخێکی فێنکترا..،
ڕۆحی زووخاڵمی تیا خەفەترکەم..!
پاش سپێدان،
پڕبێ،
لە پەڵە، سێبەری خۆر،
پاش مەغریبان،
پڕبێ،
لە پەڵە، تریفەی مانگە شەو،
پڕ بێ..!
لە ئەنواع شەراب و ، پەرداخی، هێندەی باڵای
ئاسمان بڵند تر..!
پڕ بێ ..!
لەتریقەو قاقای مردۆکان..
پڕ بێ..!
لەشین و شەپۆڕی بەهەشتێکان..!
پڕ بێ..!
لە سەرماو سۆڵەو بەستەڵەک و ڕەق
بوونەوەی دۆزەخێکان..!
پڕ بێ..!
لە پەڕەی ڕەش و قەڵەمی سپی جوان

پڕبێ..
لەدەنگی بلوورینی نوسەران..،
دوور، دوور،
گەلێ دووووور ،
لە نووزەو مەدح و سەنای دەسەڵات و
ئیلاهەکان..!
پڕبێ..!
لە سیحری گەرووی باڵندەکان،
ئەو باڵندانەی،
پاش مردن و تیرۆریان..
خۆشیان نازانن..!

بەهەشتە،

یان دۆزەخە،

نزرگەیان..!

***

*سرووش:ئیلهام

*بارانی وەشت: بارانی خۆشەویستی

*

ئکتۆبەری2005